# کەونێکی بێ تام و ڕەنگ و بۆن

**بەرزان هەستیار**
**حوزەیرانی** 2005
**ئەڵمانیا /کۆلن**
bhastiar@yahoo.de

**ئەبێ ئەو بیرەوەرییانە بنووسینەوە ،**
**دەنا شتێك لەم كەونەدا نوقسان ئەبێت**
**وا چاكە بچینەوە سەر دیوارە باریكەكانی ...**
**مێرد منداڵییمان ،**
**لەوێوە جارێكی تر .....**
**بەدزیی دایك و باوكمانەوە**
**سەیری حەوشەی....**
**ماڵە دراوسێكان بكەین و**
**دەستێكیش بخەینە ژێر بیجامە شۆڕەكانمان ،**
**تەنافە پڕ ستیان و دەرپێكان ....**
**دەممان بكەن بە كانییەكی بەهارەی تازە تەقیو**
**گەر وێراشمان ،**
**بۆ ڕووناك كردنەوەی ...**
**شەوی نووتەكی ئاهە پڕ حەسرەتەكانمان**
**یەك دوانێكیان لێ بدزین ؛**
**ئەبێ بیرەوەرییەكان ...**
**لە سیپارە ڕزیوەكانی ژێرخانی دڵمان دەربێنین**
**دەنا ئەم كەونە بە لا سەنگیی ئەمێنێتەوە ،**

با باسی ئەوە بکەین
چۆن ، پاسارێکمان لە سیاسەتا بۆ خۆمان دۆزییەوە
تا لەوێدا ، هەم ببینە پاڵەوان و
هەم لە دەرفەتێکا سەتڵێك ئاوی سارد
بە ئاگردانی شەهوەتەکانمانا بکەین ؛
ئەو بیرەوەرییانە ڕیز بەند کەین
کە باس لەو ساتانە ئەکەن
بۆ ماچی خوشکی هاوڕێکانمان
پەڕ و باڵمان لێ ڕوابوو
کەچی ئەبوو پێیان بڵێن " دادە " ،
با باسی کەین ،
هیچ لەو ساتانە نەپەڕێنین
کە بە کچە قوتابییەکەی هاوڕێمان ئەوت
تەنوورەکەت بۆ وا کورتە ؟
پانتۆڵی تەسك لە پێ مەکە ،
موکیاجەکەت خەستە ، بیسڕە ،
ئەو قۆپچەیەی سنگت لەبیر چووە دای خەیت ؛
کەچی ، شەوێ ، خۆمان وەك هار ....
پێوەی شەیتانیی ئەبووین و
بەیانییش کە ئەمانبینی
لە شەرمانا پێمان ئەوت :
ئەزانیت ئەمشەو لە خەوما
من و تۆ خوشك و برا بووین !

********

دزێوە ئەم کەونە ،
بەبێ خستنە بەر " با " ی
خەرمانی حیکایەتی ترسنۆکییەکانی ئێمە ،
بێ تامە ،
دوور لە شنە شنی ...
نەرمە گیای ڕازە جوانەکانمان ،
بێ ڕەنگە ،
بە ڕووتیی تیا نەسووڕێینەوە ،
بێ بۆنە ؛
کێ ئەوەندە چاپووکە

بێت ، لە نووکەوە ،
چیرۆکی درێژی کۆنە برینەکانی
بۆ نیوەڕۆکانی هەتاو بگێڕێتەوە ....
بۆ ئەوەی لە سێبەری ترسا کەڕوو نەکات ؟!
لە سەربان ، بە دەنگێکی بەرز
ڕاڤەی هەراسان بوونی خۆی...
بۆ مانگە شەو بکات
بۆ ئەوەی لە سەردابێکا
شارە مێرووڵەی خەفەبوون ...
خانەکانی سەری بنکۆڵ نەکەن ؛
دەی ، من لە هەمووتان ترسنۆکتر ،
لە هەمووتان شەرمنتر و
لە گشتتان نیگەرانترم ،
با لێ نەگەڕێین
گوڵی پەژموردەی ئارەزووە سەرکز و مەلوولەکان ،
" وجود " مان لە خۆڵەمێشی زەلیلیی هەڵکێشن
چاکترە بە کراسێکی ئاویی و
ڕووخسارێك لە ڕەنگی بەفرەوە
دان بە تاوانە بۆن بخووردیەکانا بنێین ؛
ئێمە بێ گوناهترین تاوانبارین ،
تاوانبارترین بێ گوناههههههههههههههههه !!!!!!!